لە شەودا سەفەر بکەن، چونکە (ڕێگاکانی) زەوی لە شەودا پوخت دەبێتەوە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە شەودا سەفەر بکەن، چونکە (ڕێگاکانی) زەوی لە شەودا پوخت دەبێتەوە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونێنی ئومەتەکەی دەکات بەوەی لە شەودا سەفەر بکەن، چونکە (ڕێگاکانی) زەوی لە شەودا پوخت دەبێتەوە؛ بۆیە ئەو دووریەی لە شەودا دەیبڕێت لە ڕۆژدا ناتوانێت بیبڕێت، چونکە ئاژەڵ لە شەودا بەهێزترە بۆ ڕۆیشتن و کەش وهەوا فێنکترە، وئەگەر هێز وپشووی پێویستی وەرگرت لە ڕۆژدا ئەوا ڕۆیشتنی خێراتر دەبێتەوە، و بەهەمان شێوە مرۆڤ لە شەودا توانای ڕۆیشتنی زیاترە بەهۆی فێنکی کەش وهەواوە، وبۆ ئۆتۆمبێلیش بەهەمان شێوە گەرمی بزوێنەرەکانی کەم دەبێتەوە وئەمیش وا دەکات ئاسانتر ڕێگاکان ببڕێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5966